# پێداچوونەوەیەک بۆ دیوانی نالی (شەرح و لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس)

جەعفەر قارەمانی

**کورتە:**

لەناو هەموو نەتەوەکاندا، ئـەدەبی کلاسـیک وەک بنـاغەیەکی بەهێز ناسراوە و دەکرێت زۆرێک لە بەسەرهات و ڕاستییەکانی مێژوویی لە ناو ئەم بەشە ئەدەبییە، بەتایبەت شیعری کلاسـیک هەڵێنجـین. نـالی وەک یەکەم پێشـەنگی قوتابخـانەی بابـان ناسراوە و کارتێکەری لەسـەر بەشـێکی بەربڵاو لە شـاعیرانی دوای خۆی بووە. پـێش سـاغکردنەوە و لێکـدانەوەی دیـوانی نالی لە لایەن مامۆستا مودەڕڕیس، کۆمەڵێک لێکۆڵەر هەوڵـی ساغکردنەوەی دیوانی نالییان دابـوو، بەڵام سـەرەڕای هەوڵـی شیاوی ئەو مامۆستایانە، هێشتا ناتەواوی و هەڵە لە شیعرەکانی نالیـدا بـابەتێکی دیـارە. ئەنجـامی ئەو تـوێژینەوەیە هـۆی دەرخستنی چەند هەڵەیەکی ڕێنووسی شیعری نالی لە ئاستی وشەدا بووە. بەشێک لە هۆکارەکانی بوونی هەڵەی ڕێنووسـی دیوانی نالی بریتین لە: هاوشێوەیی و نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشـێک لە پیتەکـان وەک:ک،گ، و هتـد، و ئەو پیتـانەی جیاوازییـان تەنیـا لە نـوختە دایە وەک: «ب، پ، ت و هتـد»، خراپ خوێندنەوە و هەڵە بێژە کردنی وشە بیانییەکـان لە لایەن بنووسانی نوسخەکان کە لە زۆر دێڕدا لێکدانەوەی نـاتەواویش لێکەوتـۆتەوە. لەم تـوێژینەوەیەدا بە پشتبەسـتن بە پێـوەری ڕەوانبێـژی و زمـانی هـۆی دروسـتی وشـە ڕاسـت کراوەکـان دەربڕاوە. گرنگترین پێـوەر بـۆ هەڵبـژاردن و لەسـەرتر بـوونی وشە، یان دەستەواژەیەک بەسەر وشە، یان دەستەواژەیەکی تـر لە شیعری کلاسیکدا پێوەری ڕەوانبێژییە و دەکرێت وەک بنەما و پێـوانەیەک بـۆ سـاغکردنەوەی شـیعری کلاسـیک پێناسـە بکرێت. ئەو لێکۆڵینەوەیە جگە لە ڕوون کـردنەوی ڕێنووسـی دروسـتی وشـە و دەسـتەواژەکانی شـیعری نـالی و واتـای دروسـتی شـیعرەکان، هـۆی دەرکەوتنـی وێـنە شـیعرییەکانی ناوازەش بووە. شـیکردنەوەی هۆکارەکـانی دروسـتی وشـە و دێڕە ڕاست کراوەکان، لە لایەک دەربڕ و سـەلمێنەری مەودای زۆر لە نێـوان وتەی شـاعیر و بۆچـوونی سـاغکەرەوەیە و لە لایەکـی تـر دەرخەری هۆکـاری سـەرهەڵدانی هەڵە لە خوێندنەوەی نوسخە خەتییەکانی دیوانی نالی بووە.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعری کلاسیک، ساغکردنەوەی زانستی شیعری نالی.

**چکیده:**

در میان تمـامی ملت‌هـا، ادبیـات کلاسـیک ماننـد زیربنـایی محکـم شـناخته شـده که می‌تـوان بسـیاری از رویـدادها و واقعیت‌های تاریخی را از آن، به ویژه در شعر کلاسیک فهمید و برداشت کرد. در ادبیات کلاسیک کُردی، نـالی پیشـاهنگ سبک شعری بابان شناخته شده است که تاثیرگذار بر بخشی گسـترده از شـاعران کلاسـیک بعـد از خـود بـوده اسـت. موضوعی برجسته در دیوان نالی وجود اشـتباهات نگارشـی در سطح واژگان است. جدای از تلاش‌های اسـتاد مـدرس و دیگر مصححان در تصحیح دیوان نالی، هنـوز کاسـتی‌هـای بسیاری در ضبط اشعار کـه بیشـتر ناشی از نقـص در قرائت نسخه‌ها و اشتباه در تلفظ و نگارش واژگان است وجود دارد؛ این امر در بیشتر بیت‌ها سبب شرح و بررسـی نادرسـت هـم شده است. در این پـژوهش، بخشـی از اشـتباهات نگارشـی واژگان فارسی و عربی شـعر نـالی به همـراه دلایـل و قـراین بررسی و در بخشی دیگر شعرهای که به اشتباه به نام نالی در بخش فارسی ضبط شده‌اند؛ مورد بررسی قرار گـرفته اسـت. مهم‌تـرین معیـار در انتخـاب و تـرجیح واژه‌ای بـر واژه‌ای یـا تعبیری بر تعبیری دیگر در شعر کلاسیک، معیار بلاغی است. تصحیح دیوان شاعران کلاسـیک بـدون شـناخت معیارهـای بلاغی کاری ناتمام و نادرست است. در این پژوهش با تکـیه بر معیارهای بلاغی چند بیتی از دیوان نالی مورد بررسی قـرار گرفت و نتیجه‌ی پـژوهش جـدای از روشـن سـاختن شـکل درست املای کلمه‌ها، سبب نمایان شدن تصویرهای شـعری نادری از شعر نالی هم شـد. بیـان دلایـل درسـتی کلمه‌هـای تصحیح شده، نشان از فاصله زیاد بین دیـدگاه مصـحح و از طرفی گویای اشتباه در قرائت نسخه‌های خطـی دیـوان نـالی است.

**کلید واژه:** شعر کلاسیک، تصحیح علمی، شعر نالی.



Kurdishbookhouse.com

### ١- پێشەکی

بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمە جیاوازەکان و کێشەوبەرەی زەمان، زۆرجار نوسخەی سەرەکی نووسراوەی پێشینیان بزر بوون، یان لەناو چوون و زیاتر ئەوەی لە بەرهەمێک بە دەست ئێمە گەیشتووە یەک، یان چەند نوسخە لەو نوسخانەیە کە بنووسانی جۆراوجۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا نووسیویانەتەوە؛ بەڵام ئەو نوسخانە بەتەواوی وەکیەک نین و لە زۆر بابەتدا لەگەڵ نوسخەی سەرەکی نووسەرجیاوازییان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە و بوونی هەڵەکان بەتایبەت لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک بەگشتی بۆ چ بابەت گەلێک دەگەڕێتەوە؟

بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی پیشەی چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، پاشان لە ناوچە کوردنشینەکان زۆربەی پەرتووکەکان تا دووسەت ساڵ لەمەوبەر بەشێوەی خەتتی بوون؛ تەنانەت هەن نوسخەگەلێکی خەتتی هێشتا چاپ نەکراون و لە سووچی پەرتووکخانەکاندا ترسی لەناوچوونیان هەیە. لە پرۆسەی نووسینەوەی دەقە کۆنەکاندا بنووسان زۆرجار لە یەک پلەی زانستیدا نەبوون؛ یان ئاستی وشیاری و وردبینیان نزم بووە؛ جار وایە کەمتر خەم بوون و تووشی هەڵە خوێندنەوە بوون؛ یان تەنانەت تووشی دەست تێوەردان لە دەقدا بوون؛ هەروەها خاوەن نوسخەکانیش بەپێی زانست و ئاستی خوێندەوارییان گۆڕانکارییان لە دەقدا پێکهێناوە کە زۆرجار ئەو گۆڕانکارییانە بە تەواوی هەر هەڵە بووە. لە لایەکی تر، بارودۆخی ڕامیاری کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و جیاوازی زەوق و سرشت و ...هتد، لەم بابەتانەن هۆی گۆڕانکاری لە نوسخە و دەقە کۆنەکاندا لە کاتی نووسین، یان لە سەردەمەکانی دواتردا بووە. زۆر کات دەسەڵاتداران و بنووسانی پەیوەندیداریش ویستوویانە ئەو گۆڕانکارییانە ڕاست بنوێنن و لایەنی ئەرێنییان بسەلمێنن. ئەوە لە حاڵێک دایە بەشێک لە توێژەرانی ئەدەبی و ساغکەرەوان و تەنانەت هۆگرانی ئەدەبیش ئەو ناتەواوی و ناڕێکییەی دەقە کۆنەکانیان بۆ گرینگ نەبووە و هەوڵێکی بەرچاو و شیاویان بۆ ساغکردنەوەی زانستی بەرهەمە کۆنەکانی ئەدەبی و مێژوویی نەداوە. بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بابەتە سەرەتا پێناسەیەکی کورت لەسەر زانستی ساغکردنەوە و جۆرەکانی ساغکردنەوەی زانستی دەخەینە بەر باس و لێکدانەوە. لە ئەدەبی کوردیدا مخابن ساغکردنەوە هەنووکە بە باشی نەناسراوە و تەنانەت بشێک لە ڕەخنەگران مەودایەک لەنێوان زانستی ساغکردنەوە و نقیسار نابینن.

ساغکردنەوەی دەق یەکێک لە پیشە کۆنەکانی ئەدەبی و یەکەمین هەنگاو بۆ ئەنجامی توێژینەوەکانی مێژوویی و ئەدەبییە. لە پرۆسەی ساغکردنەوەدا، ساغکەرەوە دەقە کۆنەکان لەسەر بنەمای نوسخە خەتتیەکان بۆ چاپ ساز و پەرداخ دەکات. زانستی ساغکردنەوە، زانستێکە بۆ دیتنەوەی دەقێکی نزیک بە دەقی سەرەکی کە لەگەڵ نووسراوەی نووسەر بە تەواوی یەک بێت؛ کەوایە بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران ساغکەرەوە، هەڵەگری زانستی دەق نییە؛ واتە ئەگەر لە دەقێکی کۆن هەڵە و ناڕاستیش هەبێت؛ هەرچەند لە لایەن خودی نووسەریشەوە بێت ساغکەرەوە ئیزنی نییە هەڵەکان ڕاست کاتەوە. هەروەها ساغکەرەوە ناتوانێت خۆی لەگەڵ نووسەری سەرەکی بە



Kurdishbookhouse.com

هاوبەش بزانێت و بەشێک لە بێژە و دەستەواژەکان بگۆڕێت. لە زانستی ساغکردنەوەدا بە شێوەیەکی تۆکمە و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و بەرامبەرکردنی دەق لەگەڵ نوسخەی جێباوەڕ، ساغکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

**٢- زانستی ساغکردنەوە لە سەرەتادا بە دوو شێواز ئەنجام دراوە:**

**٢-١- شێوازی هەڵبژاردن:**

لە شێوازی ساغکردنەوەی هەڵبژاردندا، بەو پێیەی هیچ نوسخەیەک بە تەواوی بەسەر نوسخەکانی تر لەسەرتر و دروستتر ناناسرێت؛ دەقی کۆتایی لە نێوان نووسراوەی نوسخە جۆراوجۆرەکاندا، هەرکام دروستتر بێت هەڵدەبژێردرێت.

**٢-٢- شێوازی سەرتری:**

لەم شێوازەدا کۆنترین نوسخە لە نێوان نوسخەکانی تردا دەکرێتە پاڵپشت بۆ ساغکردنەوە و زۆر بە وردی و ئەمەگناسانە لە ڕووی دەنووسرێتەوە؛ بۆیە ساغکەرەوە هەوڵ دەدات تا کۆنترین نوسخە وەدەست بهێنێت تا بەپێی ئەو نوسخەیە ساغکردنەوە ئەنجام بدات. کۆنترین نوسخە، نوسخەیەکە مەودای زەمانی نووسینی لەگەڵ ڕێکەوتی کۆچکردنی خاوەن بەرهەم لە نوسخەکانی تر کەمتر بێت؛ بەو هۆیە ئەگەری دەست تێوەردان و گۆڕانگاری و جیاوازی ئەو نوسخەیە لەگەڵ دەقی نووسراوەی نووسەر، یان شاعیر ڕەچاو نوسخەکانی دواتر کەمترە. کەوایە بۆ گەیشتن بە دەقێکی پاراو و دوور لە هەر چەشنە گۆڕانکاری و هەڵە، ساغکەرەوە دەبێ کۆنترین نوسخەی وەدەست بهێنێت تا لە کاتی ساغکردنەوەدا هۆیەکی زانستی و ڕوونی بۆ پەسەند کردن، یان ڕەت کردنەوەی وشە، یان دەستەواژەیەک هەبێت.

**٢-٣- لە شێوازی سەرتریدا وەفاداری ساغکەرەوە سەبارەت بە دەق بە دوو شێوە دەسەلمێندرێت:**

**٢-٣-١- شێوازی زێدەڕۆیی:**

بەپێی ئەم شێوازە کەمترین گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لە دەق، نە دروستە و نە ڕێگە پێدراوە؛ دەق بەو جۆرەی هەیە تەنانەت ئەگەر هەڵەشی هەبێت دەنووسرێتەوە؛ بەڵام لە پەراوێزدا دەبێت ئاماژە بە شێوەی دروستی وشە و دەستەواژەکان بکرێت.

**٢-٣-٢- شێوازی مام ناوەندنی:** بەپێی ئەم شێوازە نە تەنیا هەڵە دیارەکانی دەق ڕاست دەکرێنەوە؛ بەڵکوو دەبێت لە پەراوێزدا ئاماژە بە وشە و دەستەواژە هەڵەکانیش بکرێت (جهانبخش، ١٣٧٨: ٣١ ،٣٠). لە شێوازی ساغکردنەوەی مام ناوەندنی چۆنێتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان بۆ دەق، تەنیا لەسەر بۆچوونی زۆرینەی ساغکەرەوانی دەق، نە شیاوە و نە شێوازێکی زانستی و پەسند کراو.



Kurdishbookhouse.com

**٢-٤- بەپێی سێ پێوەر «هەڵبژاردن» لە پرۆسەی ساغکردنەوەدا دەبێ ئەنجام بدرێت:**

٢-٤-١- **پێوەری زمانی:** بەپێی ئەو پێوەرە ساغکەرەوە دەبێ تاڕادەیەک زانیاری لەسەر بابەتەکانی زمانناسی و تەنانەت زانیاری لەسەر چونێتی شێوازناسی و ئاستی زمانی چاخ، یان سەردەمێکی دیاردا هەبێت و بزانێت بۆ نموونە لە قوتابخانەی باباندا سوودوەرگرتن لە وشە بیانییەکان وەک تایبەتمەندییەکی دیاری شیعری ئەو قوتابخانەیە ناسراوە بۆیە ئەو دەم بەپێی ئەو تایبەتمەندییە حوکم لەسەر وشە و دەستەواژەکانی بیانی و واتاکانیان بدرێت. کەوایە ساغکەرەوە دەبێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی شێوازناسی هەر چاخێک هەوڵی ساغکردنەوەی نوسخە کۆنەکان بدات.

٢-٤-٢- **پێوەری ڕەوانبێژی:** گرنگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لەسەرتر بوونی دروستی وشە، یان دەستەواژەیەک بەسەر وشە، یان دەستەواژەیەکی تر لە شیعری کلاسیکدا، پێوەری ڕەوانبێژییە. ساغکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بێ کاریگەریی ئەم پێوەرە نە دروستە و نە ساغکردنەوەی شیعرەکانیش زانستییە. لە ڕاستیدا ساغکەرەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک بەگشتی لەگەڵ چەند ئاڵوگۆڕێک کە لە لایەن بنووس و نووسەرانەوە بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر شێوازی شیعری شاعیران و تایبەتمەندییەکانی شێوازناسی هەر چاخێکی ئەدەبی و هەڵە خوێندنەوەی وشە، یان دەستەواژەکان لە دێڕێک، یان دەقێکدا، ڕووبەڕوویە؛ بۆ نموونە، لەو دێڕەی نالیدا بە هەڵە وشەی «مول» بە واتای شەڕاب بە «مل» خوێندراوەتەوە کە هیچ هاوڕێژەییەکی واتایی نێوان وشە دیارەکانی ئەو دێڕە و وشەی «مل» نییە و بوونی ئەم وشەیە واتای دێڕەکی تووشی ناڕێکی و شێواوی کردووە:

ئــەو فــەوت و وەفاتــە ســەبەبی عەهــد و وەفاتــە

چــوو ســاعیقەیی بــەردی عــەجووز و گــوڵ و **مــل** هــات

(نالی، ١٣٧٨: ١٤٠)

هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی ئەو دێڕە وریایی و شارەزایی نالی لە ئافراندنی لایەنی جوانیناسی شیعرەکە دەردەکەوێت. بەپێی پێوەری ڕەوانبێژی، وشەکانی«گوڵ، مول» لەگەڵ یەک هاوڕێژەییان هەیە و دەکرێت ئەو بابەتە وەک خوازەش بناسرێت؛ لە ڕاستیدا ئەم هاوڕێژەییە پێکهێنەری ڕازەی جوانکاری «چاولەیەک» ـە و بەپێی ئەم ڕازەیە دەتوانین واتای دێڕەکە بە دروستی شرۆڤە بکەین و بسەلمێنین ئەم وشەیە «مول» بووە، نەک «مل».

٢-٤-٣- **پێوەری هزری – فەلسەفی:** بەپێی ئەو شێوازە دەکرێت وشە، یان دەستەواژەیەک سەرتر لە دەق، یان دێڕێکی شیعری بناسرێت کە لە واتادا دەربڕی بابەتێکی هزری- فەلسەفی دیار بووە؛ هەرچەند پێوەری هزری – فەلسەفی بە ڕادەی پێوەری ڕەوانبێژی کاریگەریی و گرینگی لە ساغکردنەوەی دەقدا نییە، بەڵام نزمتر لە پێوەری ڕەوانبێژیی بۆ خوێندنەوە و ساغکردنەوەی دەق، بەتایبەت شیعری کلاسیک کە ڕەگ و ڕیشاڵی هزری – فەلسەفی تانوپۆی داپۆشیوە، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت و پاڵپشتی ساغکردنەوەی دەق، یان شیعری شاعیران بێت.



Kurdishbookhouse.com

**٣- لە لێکدانەوەکانی دواتر لەسەر زانستی ساغکردنەوە، بەگشتی چوار شێواز بۆ ساغکردنەوەی نوسخە کۆنەکان بە فەرمی ناسراوە:**

**٣-١- ساغکردنەوە لەسەر بناخەی نوسخەی بنەما**

**٣-٢- ساغکردنەوەی هەڵبژاردن**

**٣-٣- ساغکردنەوەی میانەڕۆ**

**٣-٤- ساغکردنەوەی بەراوردی (قیاسی)**

لە شێوازی ساغکردنەوەی نوسخەی بنەمادا، ساغکەرەوە نوسخەیەک کە بەپێی کۆنی و دروستی ڕەچاو نوسخەکانی تر لەسەرترە و بە ڕێکەوتی کۆچی دوایی نووسەری دەق نزیکترە بە نوسخەی بنەما دەناسێت و وەک بناغەی ساغکردنەوەی دەق دیاری دەکرێت. ساغکەرەوە لە تۆماری دەق هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک ناکات و دەق بەو جۆرەی هەیە، دەنووسرێتەوە. شایانی باسە جگە لە «نوسخەی بنەما» کە لە ڕوانگەی ساغکەرەوە لە نێوان نوسخەکانی جێباوەڕی بەرهەمێکدا وەک بڕوا پێکراوترین نوسخە دەناسرێت؛ ڕەنگە نوسخەگەلێکی تریش هەبن بایەخی زانستییان ڕەچاو نوسخەی بنەما لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بێت؛ ئەو نوسخانە بە نوسخەی جێگر، یان «بەدەڵ» ناسراون. ساغکەرەوە، دەقی «نوسخەی بنەما» لەگەڵ نوسخەی «بەدەڵ» بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات. لە شێوازی ساغکردنەوەی هەڵبژاردندا بەو پێیەی هیچ نوسخەیەک بە تەواوی بەسەر نوسخەکانی تر لەسەرتر نییە؛ لە نێوان نووسراوە جۆراوجۆرەکاندا هەرکام دروستتر و دەست لێنەدراوتر بێت وەک بناغەی نووسینەوەی دەقی کۆتایی هەڵدەبژێردرێت (هروی، ١٣٨٠: ٤٣٧، ٤٣٨).

ساغکردنەوە بە شێوازی میانەڕۆ، لە ڕاستیدا لێکدراوێک لە شێوازی نوسخەی بنەما و شێوازی هەڵبژاردنە. سوودوەرگرتن لەم شێوازە کاتێک دروستە کە نوسخەی سەرتر نە ئەوەندە بژاردەیە کە بەسەر نوسخەکانی تردا گرینگی زیاتر بێت و وەک بناغە بناسرێت؛ نە ئەوەندەش بێ بایەخە کە هاوشێوە و بەرابەری نوسخەکانی تر بژمێردرێت و تێکەڵاوی شێوازی هەڵبژاردن بێت. لە شێوازی میانەڕۆدا، بەڕادەی شێوازی نوسخەی بنەما لەسەر نوسخەی سەرتر پێداگری ناکرێت و ساغکەرەوە لە هێزی شێوازی هەڵبژاردن و دووربینی شێوازی نوسخەی بنەما سوود وەردەگرێت (حمادی حائری، ١٣٨٧: ٧).

شێوازی ساغکردنەوەی بەراوردی، کاتێک وەک شێوازێک بۆ ساغکردنەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت کە تەنیا نوسخەیەک لە بەرهەمێک هەبێت و دروستی و دەست لێنەدراوی ئەو نوسخەیەش تاڕادەیەک جێی متمانە نەبێت. لەم شێوازەدا ساغکەرەوە لە هێزی گومان و بەراورد بۆ هەڵبژاردن و دیتنەوەی وشە و دەستەواژە و نووسراوە دروستەکان کەڵک وەردەگرێت. ئاشکرایە هێزی گومان و بەراورد تەنیا لە ڕێگەی ڕاهێنان و زۆر خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان و زانیاری وەدەست هێنان لەسەر شێوازە جیاوازەکانی ئەدەبی دەستەبەر دەبێت. بەراورد کردن لە ڕێگەی



Kurdishbookhouse.com

هەڵسەنگاندن و پێک گرتنی دەقکانی پەیوەندیدار لەگەڵ دەقی سەرەکی تایبەت ئەنجام دەدرێت. لە زۆر ساغکردنەوەدا کە تۆماری هیچکام لە نوسخەکان ڕاست نانوێنن و جێی متمانە نین؛ دیسان دەبێت بۆ ساغکردنەوە لە شێوازی بەراوردی سوود وەربگرترێت (جهانبخش، ١٣٧٨: ٣٥، ٣٧؛ عمادی حائری، ١٣٨٧: ٥، ٦).

**٤- پرسیارەکانی توێژینەوە**

٤-١- زانستی ساغکردنەوە باس و لێکدانەوەی چ بابەتێک دەکات؟

٤-٢- چ جیاوازییەک لە نێوان زانستی ساغکردنەوە و لێکدانەوە و نقیساردا هەیە؟

٤-٣- هۆکاری ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبی لە زمانی شیعری شاعیرانی بابان چییە؟

٤-٤- هۆکاری بوونی بەشێک لە هەڵەی ڕێنووسی وشە بیانییەکانی شیعری نالی بۆ چ بابەتێک دەگەڕێتەوە؟

**٥- پێشینەی لێکۆڵینەوە**

لەسەر شیعری نالی تا ئێستا کۆمەڵێک توێژینەوە لە بوارەکانی کۆکردنەوە، ساغکردنەوە، شەرح و لێکدانەوە، فەرهەنگی وشە، هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بە شێوەی کتێب و وتار ئاراستەی کتێبخانەی کوردی کراوە؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر توێژینەوە و نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە شیعری نالی ئاماژە بە بەشێک لەم توێژینەوانە دەکەین:

کتێبی «فەرهەنگی نالی» نووسراوەی مارف خەزنەدار. لەو کتێبەدا هەم شیعرەکانی نالی شەرح و لێکدانەوەیان بۆ کراوە؛ هەم بۆ وشە و زاراوەکان شیعری نالی فەرهەنگێک دانراوە. مەسعود محەممەد دوو کتێبی «دەستەودامانی نالی و چەپکێک لە گوڵزاری نالی» لەسەر شیعری نالی نووسیوە. لە کتێبی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» دا مەسعود محەممەد بە کەڵکوەرگرتن لە زانستی کرۆنۆلۆژی دەیهەوێت ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی نالیدا ڕوویان داوە لە شیعرەکاندا دیاری بکات و هێندێک هۆکار و تێبینی و پرسیار کە لەسەر ژیان، شوێنی ژیان و ئاوارەیی نالی بووە، شی بکاتەوە. لە «دەستەودامانی نالی» هەولی داوە شەرحەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی خۆی لەسەر شیعر و وشەکانی شیعری نالی تاوتوێ بکات.

کتێبی «دوو چامەکەی نالی و سالم» لە نووسینی عەلائەددین سەججادی باسی دوو نامە دەکات کە لە نێوان نالی و سالم ئاڵوگۆڕ کراوە. هەر دوو قەسیدەکە لە باری ئەدەبییەوە بایەخدارن. کتێبی «نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە» نووسراوەی محەممەد مەلا کەریم. لەو کتێبەدا هەوڵدراوە شیعری نالی وەک پێوانەیەک بۆ دەرخستنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لێکبدرێتەوە و بەشێک لە نهێنییەکانی ژیاننامەی نالی دەربخات. کتێبی «مشتێک لە خەرمانی بیری نالی» لە نووسینی ئیسماعیل فەرەج. لەم کتێبەدا توێژینەوە لە چەند لایەنی ژیان و شیعری نالی کراوە؛ وەک: کەسایەتی نالی، ڕۆشنبیری لای نالی، داهێنان لای نالی، زمان لای نالی و نالی لە ڕوانینێکی کۆمەڵناسییەوە.لە هەرکام لەو بەشانە شیعرەکانی نالی کراوەتە بنەمایەک بۆ شرۆڤەی باسەکان. کتێبی



Kurdishbookhouse.com

«نالی» لە نووسینی ڕێبوار سیوەیلی. ئەو کتێبە لە کۆمەڵێک وتار لەسەر نالی پێکهاتووە. بەشی یەکەمی بریتییە لە وتارێک بە ناوی «چەمکی مێتۆلۆژیا و جهانبینی شیعری نالی» ، بەشی دووهەم بریتییە لە وتارێک بە ناوی: «مەستووره لە ڕوانگەیەکی ترەوە»، بەشی سێهەم بریتییە لە وتارێک بە ناوی: «لە ستایشی کەردا» و بەشی چوارەمی ئەو کتێبە بریتییە لە وتارێک بە ناوی: «شاعیرێک لە نێوان دوو تێک شکاندا». کتێبی «نالی لە بەلاغەوە بۆ مودێرنیتە» لە نووسینی ڕێبوار سیوەیلی. کتێبی «نالی و خوێندنەوەکانی سەردەم» لە نووسینی محەمەد سالح سووزەنی. ئەو کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە و لە هەر بەشێک شیعرەکانی نالی بەپێی یەکێک لە تیۆرییەکانی سەردەمی تاوتوێ دەکرێت. ناوەڕۆکی بەشەکانی ئەو کتێبە بریتین لە: «دیاردەناسی»، یان فنۆمنۆلۆژیای شیعری نالی. لەم بەشە دا هەوڵ دراوە بەپێی ڕاڤەکاری نوێ و جۆرەکانی ڕەخنە، وەک: زمانناسی فۆرمالیسم، بنەماخوازی، هێرمنۆتیک و ڕەخنەی کۆمەڵناسی، دیهەوێت ڕەخنەگران هان بدا تا دەقەکانی نالی بخوێننەوە. نووسەر دوو دیاردەی ئانارشیزمی شاعیرانە، یان ڕاڤەکاری نوێ بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی وەرگرتن (دریافت) لە شیعرەکانی نالی لێکدەداتەوە. لەبەشی دووهەم «نالی و جوانیناسی کانت» شی دەکاتەوە. بەشی سێهەمی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە: «ویتگێنێشتاین و یارییە زمانییەکانی نالی»، لە بەشی چوارەمیش «بنەماخوازی و خوێندنەوەی دەق»ـە شیعرییەکانی نالی دەخاتە بەر باس و لێکدانەوە.

کتێبی «ئێرۆتیک لە شیعری نالیدا» نووسراوەی زانا خەلیل. ئەو کتێبە لە حەوت بەش پێکهاتووە. لەو کتێبەدا تووخمەکانی ئێرۆتیک لە شیعرەکانی نالیدا دیاری کراوە و چەند بەشی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ پرسی جەستەی ژن و لە بەشێکیش قەسیدەی مەستووره هەر لەسەر ئەو بابەتە تاوتوێ کراوە. کتێبی «نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا» لە نووسینی هێمن عومەر خۆشناو. هێمن عومەر لەو ساڵانەی دواییدا بە شێوەی بەڵگەنامەیی و دێکۆمێنت لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و ڕۆژهەڵات ناسانی وەک خۆدزکۆ، لە ژیان و شوێنی ژیانی نالی کۆڵیوەتەوە. ئەو کتێبە زۆر زانیاری دێکۆمێنتاری کە بۆ ماوەی سەد ساڵ پرسگەلێکی لەسەر ژیانی نالی دروست کردبوو، وەڵام داوەتەوە. لە هەشت بەش پێکهاتووە کە هەرکام لە بەشەکان وەڵام دانەوەی پرس گەلێکن کە توێژەر کەڵکیان لێ وەردەگرێت و دواتر وەڵامیان دەداتەوە. ئەو پرسیارانە هەرکام بەشێکیان بۆ دانراوە؛ وەک: کتێبی نادیاری نالی، نالی کەی کوردستانی جێهێشتووە؟. کتێبی «نالی لە دەرەوەی کوردستاندا» لە نووسینی عەبدوڵڵا حەداد.

بەشێک لە وتار و توێژینەوەکانی زانستگایی وەک نامەی ماستەر و دوکتۆرا لەسەر دیوانی نالی بریتین لە: وتارەکانی عەبدوڵڵا خدر مەولود (نالی و سۆفیگەری و نالی و فەلسەفە)؛ دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالیدا (تریفە محەمەد ئەحمەد)؛ مقایسەی نوستالژی در اشعار حافظ و نالی(سروه فتاحی)؛ شێوازی هاوسەنگی لە شیعری نالیدا (عطا اولیایی)؛ شاعر نامور کُرد و زبان و ادب فارسی (سید اسعد شیخ احمدی)؛ بررسی فخر ادبی در دیوان متنبی و نالی (عبداله رسول‌نژاد، هادی رضوان، پیشوا ابراهیمی)؛ صور خیال در دیوان نالی (شهلا



Kurdishbookhouse.com

مظهری)؛ عشق و ریاستیزی در اشعار نالی (یدالله محمدی)؛ راست کردنەوەی بەشێک لە هەڵەکانی دیـوانی نـالی، گۆڤاری هەنار (جەعفەر قارەمانی) و هتد. هەرکام لەم توێژینەوانە لە گۆشەنیگایەکەوە ڕووچوونیان بۆ دونیای شـیعر نالی بووە؛ بەڵام شیعری نالی هەڵگری توێژینەوە و خوێندنەوەی زیاترە و تەنانەت کرانەوەی ناوەندێکی تـوێژینەوەیی و نالیناسییە.

**٦- تەوەرەی سەرەکی توێژینەوە:**

لەناو هەموو نەتەوەکاندا، ئەدەبی کلاسیک وەک بنـاغەیەکی بەهێـز نـاسراوە و دەکرێـت زۆرێـک لە بەسـەرهات ڕووداو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، کولتووری، خەڵکناسی و تەنانەت بەشـێک لە ڕاسـتییەکانی مێژوویـی لە ناو ئەدەبی کلاسیک، بەتایبەت شیعری کلاسیک هەڵێنجین. لە ئەدەبی کوردیدا هەنووکە لە ناوەنـدکانی تـوێژینەوەیی هەوڵێکی شیاو بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو بەشە گرنگە لە ئارادا نەبـووە و خوێنـدنەوەیەکی نـوێ بـۆ ئەدەبـی کلاسـیکی کـوردی، بەتـایبەت شـیعری کلاسـیک ئەنجـام نەدراوە. لە مێـژووی ئەدەبـی کلاسـیکی کوردیـدا، نـالی وەک یەکەم پێشەنگی قوتابخانەی بابان ناسراوە کە کارتێکەری لەسەر بەشێکی بەربڵاو لە شاعیرانی دوای خۆی بـووە. هەرچەنـد ناوەندەکانی چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب وەک هەموو وڵاتانی تر لە کوردستان درەنـگ دەسـت بەکـار بـوون، بەڵام سەرەڕای ئەو کێشەیەش لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن کۆمەڵێـک تـوێژەر ئەرکـی سـاغکردنەوەی دیـوانی شـاعیران و چاپ و بڵاوکردنەوەی نوسخە کۆنەکان لە ئەدەبی کـوردی ئەنجـام درا. دیـوانی نـالی پـێش چـاپ و بڵاوکـردنەوەی شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مـودەڕڕیس و فـاتح و محەممـەدی کـوڕی چەنـد جارێـک لە لایەن چەنـد لێکۆڵەرانی شیعری کوردی ساغکراوەتەوە. لە پێشەکی دیوانی نالی، بڵاوکراوەی پەخشـانگای کوردسـتان فـاتح مەلا کەریم دەڵێت: "پێشتر لەو چاپەی دیوانی ئێمە، دیوانی نالی لە ساڵی ١٩٣١ لـە لایـەن کـوردی مەریوانییـەوە و سـاڵی ١٣٢٧ لە لایەن عەلی موقبیلەوە لە سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە"؛ پاشان لە لایەن گیو موکریـانی تـوێژەر و نووسـەری ناسراو، دیوانی نالی کۆکراوەتەوە و چاپ بووە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیوانانەی نالی، جارێکی تر لە لایەن مامۆسـتا مەلا عەبـدولکەریم مـودەڕڕیس و فـاتح عەبدولکەریم شیعری نالی بە پشت‌بەستن بە چەند نوسـخە و دەسـتنووس سـاغکراوەتەوە، بەڵام سـەرەڕای هەوڵـی شیاوی ئەو مامۆستایانە بۆ ساغکردنەوە و لێکدانەوەی دیـوانی نـالی، هێشـتا شـیعری نـالی نـاتەواوی و هەڵە جا چ هەڵەی لێکـدانەوەیی بێـت، یـان هەڵەی ڕێنووسـی بە ڕوخسـارییەوە دیـارە. لە پێشـەکی دیـوانی نـالی بەڕێـز فـاتح عەبدولکەریم ئاماژەی کردووە بۆ ساغکردنەوەی ئەو دیوانە لە نوسخە دەستنووسـەکانی مەلا مـوحەممەد چروسـتانی و مەلا عـارف چنگنیـانی و سـێ کەشـکۆڵ کە لە لایەن شـێخ عەلـی قەرەداغـی بە دەسـتی گەیشـتبوو؛ کەڵکـی وەرگرتووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت نوسخەکانی لەباری لێکدانەوە زۆر بە دڵ نەبـووە. لێـرەدا جێـی خـۆیەتی ئامـاژە



Kurdishbookhouse.com

بەم بابەتە بکرێت کە زانستی ساغکردنەوە جیاواز لە شەرح و لێکدانەوەیە و لە ساغکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک دروست نییە. ساغکەرەوە وەک کەسێکی ئەمەگناس و وەفادار ئیزنی گۆڕانکاریی پێ نەدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا، بەکورتی هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبی لە شیعری شاعیرانی قوتابخانەی بابان تاوتوێ دەکرێت. لە دیوانی نالیدا، بابەتێکی زۆر دیار بوونی هەڵەی ڕێنووسی ئەو وشە فارسییانەیە کە لە زۆر دێڕدا لێکدانەوەی هەڵەشی لێکەوتۆتەوە. پاشان لە بەشی دووهەمدا، بەشێک لە وشە بیانییەکانی دیوانی نالی (شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرریس بڵاوکراوەی کوردستان) کە بە هەڵە لە دێڕەکاندا جێکەوتوون، ڕاست کراونەتەوە.

**١-٦- بەشی یکەم: هۆکاری ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبی لە شیعری شاعیرانی قوتابخانەی باباندا:**

بابەتێکی دیار لە شیعری شاعیرانی بابان و بەتایبەت شیعری نالی، بوونی وشەکانی فارسی و عەربییە کە لە زۆر دێڕدا بە هەڵە نووسراون و لێکدانەوەی هەڵەشیان لێ کەوتۆتەوە. ئەو تایبەتمەندییە تەنیا بە قەوارەی شیعری نالی نەبڕاوە، بەڵکوو بەشێک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک تووشی ئەو بەسەرهاتە تاڵە بووە. زمانی کوردی وەک زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا تووشی تێکەڵاوی لەگەڵ زمانەکانی دیکە بووە.

لە سەدەی سێزدەهەمدا، شۆڕشێکی ئەدەبی نوێ لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، کولتووری و ڕۆشنبیری و هتد، لە بەستێنێکی تایبەت کە خاوەن شەقڵێکی دیار و جیاوازە لە ئەدەبی کوردیدا دێتە ڕسکان. ئەو شۆڕشە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی کلاسیکی شیعری بوو کە لە ئەمارەتی باباندا سەری هەڵدا. شیعری قوتابخانەی بابان بە هەوڵ و تێکۆشانی یەکەم ئاڵاهەڵگری ئەو قوتابخانەیە، واتە نالی لە ئەدەبی کوردیدا پێناسە کرا. بەهۆی دەرکەوتنی دوو نیوچە دەسەڵاتی کوردی بابان و ئەردەڵان تا ڕادەیەک شێوەی ژیان و بیر کردنەوەی خەڵک دەگۆڕدرێت و شارە کوردنشینەکان ئاوەدانتر دەبنەوە، بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر دەقە ئەدەبییەکان شوێندانەر بوون. بابانەکان توانییان خوێندەوار و فەقێی حوجرەکان لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە و شارە کوردنشینەکان ئاوەدانتر و گەورەتر بکەنەوە. زۆری شارەکانی کوردستان بە زاراوەی سۆرانی دەئاخڤن. مەکۆی خانەقا و دێهات بۆ شار و حوجرەی مزگەوت دەگۆڕدرێت. ئەو بارودۆخە نوێیە بەستێنێک دەخوڵقێنێت کە زاراوەی ئەدەبی لە گۆرانی، واتە هەورامی وردەوردە بۆ سۆرانی و فۆڕمی شیعری لە جووتسەرواوە بۆ غەزەل و کێشی شیعری لە بڕگەیی بۆ عەرووزی بگۆڕدرێت و لە ئاکامدا شیعری کوردی تووشی گۆڕانێکی بنەمایی بێت (قارەمانی، ١٣٩٨: ٢٤٠).

لە ئاستی زمانیدا، دیاردەی زۆر سەرنج ڕاکێش لە شیعری شاعیرانی بابان، ڕەنگدانەوەی وشە و زاراوەکانی فارسی و عەرەبییە. گەرچی ڕێژە و ئاستی ئەو بەکارهێنانە تا ڕادەیەک جیاوازە، بەڵام ئەو کارتێکەرییەی زمانی عەرەبی و بەتایبەت زمانی فارسی لەسەر زمانی شیعری ئەو بەرەیەی شیعری کوردی، بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە. بوونی ئەو دیاردەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە شیعری شاعیرانی باباندا بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی نە تەنیا



Kurdishbookhouse.com

خاڵێکی نەرێنی نەبووە؛ بەڵکوو بەجۆرێک نواندنی دەسەڵاتی شیعری شاعیر و تەنانەت شانازی کردنیش بووە (ناری، ١٣٨٣: ٩)، نالی ڕاستەوخۆ لەم دێڕەدا، ئەو ئیدیعایە دەسەلمێنێت:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ خاوەنی سێ مولکە، دیوانی هەیە

(نالی، ١٣٧٨: ٥٨٢)

هۆکارێکی تری ڕەنگدانەوەی وشەی فارسی و عەرەبی لە زمانی شیعری شاعیرانی بابانـدا ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی وانەکان بە زمانی فارسی و عەرەبی بوون، خوێندکاری کورد هەر لە سەرەتادا دەکەوتە بەر کاریگەریی ئەو زمانانە. ئەم نەریتە وێڕای قازانجی فێربوونی زمانەکانی تر و کردنەوەی دەرگای زمان و وێژەی نەتەوەکانی تر کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بەرەبەرەی زمانی خوێندکاری کورد بووە و ئەم بابەتە لە دواتردا هۆی دوورکەوتنەوە شاعیرانی ئەو بەرەیە لە زمانی ئاسایی کۆمەڵگای کوردی بووە. لە لایەکی تر، شاعیرانی قوتابخانەی بابان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی خۆیان لەم بوارەدا هەوڵیان داوە ئەزموونەکانی ئەو وێژانە بگوازنەوە ناو ئەدەبی کوردی بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردییە کە بەشێک لە شیعرەکانیان فارسییە. بەهۆی فەرمی بوونی زمانی فارسی لە ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاساییە لە وەها بارودۆخێکدا زمانی فارسی کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی ببێت. زۆربەی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە مامۆستای ئایینی بوون و خوێندنیان لە حوجرە و بە شێوەی فەقێیەتی دەست پێکردووە؛ بۆیە زیاترین زانیارییان لەسەر شەرع و ئایینی ئیسلام هەبوو و سەرف و نەحوی عەرەبی و زانستی ڕەوانبێژی و چەمک و زاراوەکانی لۆژیک، سۆفیگەری و هتد، زیاتر لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ ڕەنگە هەر ئەو تایبەتمەندییە هۆی درەنگ تێگەیشتن لە شیعری شاعیرانی ئەو بەریە بێت؛ وەک نالی خۆی دەڵێت:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

(نالی، ١٣٧٨: ٢٩٠)

بۆیە ئەو زمانانە لە ڕێگەی خوێندنی ئایینیەوە کاریگەرییان لەسەر زمان و وێژەی ئەو قۆناغەی شیعری کوردی بووە. بەپێی خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە دەردەکەوێت لەو سەردەمەدا هۆنینەوەی شیعر بە زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی باو بووە و تەنانەت بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە بە کوردی شیعر نووسینیان بە لاوازای هەستی شاعیر ناساندووە؛ بۆیەش شاعیرێکی وەک نالی لە وەڵامیاندا دەڵێت:



Kurdishbookhouse.com

تــەبعی شــەککەرباری مــن کــوردی ئەگــەر ئینشــا دەکــا
ئیمتیحــانی خــۆیە مــەقسوودی لــە عــەمدا وا دەکــا

(نالی، ١٣٧٨: ١٠٢)

ئەو چەند دێڕە سەلمێنەری شانازی کردنی نـالی بە زمـانی کـوردییە و بەگشـتی نووسـین بە زمـانی کـوردی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی ناوی دەبا و پێناسەی دەکات. بەلای ڕەخنەگرانەوە ڕەنگە دەبوو لەو سەردەمەدا شیعر تەنیا هـەر بـە زمانی عەرەبی، یان فارسی بنووسرێت؛ نالیش لەو بیرۆکانە گەیشتووە و هـەوڵی ئـەوەی داوە زمـانی کـوردیش بێنێتـە ڕیز و ئاستی زمانەکانی دیکەی دونیا و بیکات بە بەڵگەی مانەوە و دەوڵەمەندی زمانی کوردی.

**٦- ٢- بەشی دووهەم، ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەکی شیعری نالی:**

لەنێو شاعیرانی قوتابخانەی باباندا زمانی شیعری نـالی زێـدەتر لە شـاعیرانی تـر تـێکەڵ بە زمانەکـانی فارسـی و عەرەبی بـووە. دەکرێـت ئەو دیـاردەیە، وەک دیـاردەیەکی شێوازناسـی شـیعری نـالی بناسرێـت. لەم تەوەرەدا چەنـد هەڵەیەکی شیعری نـالی، بەتـایبەت هەڵەی ڕێنووسـی وشـە بیانییەکـان شرۆڤە دەکەیـن. نزیکـی شـێوەی ڕێنووسـی بەشێک لە پیتەکان وەک: د، ذ ، ک،گ، و... هتد، و هاوشێوەیی ڕێنووسـی ئەو پیتـانەی جیاوازییـان تەنیـا لە نـوختە دایە وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ،ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشـەکاندا و پـاک بـوونەوەی وشـە و پیتەکان لە نوسخەکاندا دەکرێت وەک هۆی سەرهەڵدانی بەشـێک لە هەڵەی ڕێنووسـی ئەو جـۆرە وشـانە لە دیـوانی شاعیرانی کلاسیک ئاماژەی پێ بکرێت.

لــە چــاوانم هــەتا کــەی قەترەقــەترە خــوێن دەکــەی ئــەی دۆســت!
کــوا ئــەم عەهــد و پــەیمان و وەفــا **کابینتــە**، بــازآ!

(نالی، ١٣٧٨: ٩٣)

لەم دێـڕەدا، وشـەی «کـابین» بە بـنج وشـەیەکی فارسـییە و واتـای «مـارەیی» هەیە و لەم دێـڕدا هەر بەم واتـایە لێکدانەوەی بۆ کراوە کە هیچ هاوڕێژەییەکی لەگەڵ وشە سـەرەکییەکانی ئەو دێـڕە نییە و دروسـتەکەی «کـایین»ــە. بەپێی ڕێنووسی کۆن «کایینته» کورت کراوەی «که ئایینته» یە؛ وشەی «کایینته» لەگەڵ عەهد، پـەیمان و وەفا لەبـاری واتاییەوە هاوڕێژەیی هەیە. ئەم هاوڕێژەییە پێکهێنەری ڕازەی جوانکاری «چاولەیەک»ـە و بەپێـی ئەم ڕازەیە دەتـوانین واتای دێڕەکە بە دروستی شرۆڤە بکەین و بسەلمێنین ئەم وشەیە لە ڕاستیدا «کـابین» نییــە و «کـایین»ــە؛ لە لایەکـی تر، وشەکانی «کابین و کایین» تەنیا لە پیتەکانی «ب و یـ» ناوەڕاستدا جیاوازییـان هەیە؛ نزیکـی شـێوەی ڕێنووسـی پیتەکانی «ب و یـ» هۆی هەڵەی ڕێنووسی ئەو دوو وشەیە لە نوسخە کۆنەکاندا بووە.



Kurdishbookhouse.com

نالی له بەرامبەر بێبەزەیی دڵبەرەکەی دێتە پەیڤ و دەڵێت: ئەو وەفا و عەهد و پەیمانەی کە ئایین و ڕێوڕەسمت دەرخەری وەفا و ئەمەگناسیت بوو، چی بەسەرهات و ئێستە کوانێ؟ بە گۆڕینی وشەی «کابین» دێڕەکە لە باری واتاییەوە دروست دەبێت.

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و **مل** هات

(نالی، ١٣٧٨: ١٤٠)

لە شیعری نالیدا توێژەران بە هەڵە وشەی «مول» یان بە «مل» لێکداوەتەوە. لە فەرهەنگی فارسیدا وشەی «مول» واتە «شەرابی ترێ» وشەیەکی ناسراوە و لە شیعری فارسیدا زۆر بەکار هاتووە، لەم دێڕەدا، وشەکانی گوڵ، مول هاوڕێژەییان هەیە و بەپێی ئەم هاوڕێژەییە واتای دروستی دێڕەکە دەردەکەوێت.

**گەر** ئەشرەف و مەحبووبە، یووسف کوڕی یەعقووبە

کچ بوو بە خڕیداری، یەعنی کە زولەیخا کچ

(نالی، ١٣٧٨: ١٦٦)

لەم دێڕەدا، لە سەرەتای باڵی یەکەمدا وشەی «گەر» هاتووە کە هەڵەیە و بەپێی وشەی سەرەتای باڵی دووهەم کە «کچ» ـە و بنەمای سەرەکی هۆنینەوەی شیعرەکە کە لەسەر وەسفی «کچ و کوڕ» ـە، ئەم وشەیە دەبێ بکرێتە «کوڕ» و بەم ڕاست کردنەوەیە واتای دێڕەکەش تەواو و کامڵ دەبێت.

چاوی هەمڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن **مەدام**

یەك لە **نەشگوفتەی** بەنەفشە، یەك لە نەیلۆفەڕ دەکا

(نالی، ١٣٧٨: ١٠٦)

لەم دێڕەدا وشەی «مەدام» بە هەڵە نووسراوە و مەبەست «مودام» ـە کە لەبنەمادا وشەیەکی عەرەبییە و لە فەرهەنگی فارسیدا واتای «هەمیشە و شەراب» ی هەیە. هەر لەم دێڕەدا، «نەشگوفتە» واتای نەپشکووتووی هەیە و مەبەستی نالی «نەشکوفتە» بووە. لەم دێڕەدا، «نەیلۆفەڕ» هاتووە و مەبەستی شاعیر گولی «نیلووفەر» بووە کە بە هەڵە لە دێڕەکەدا نووسراوە.

**زابیتەی** تەبعم سوارە ئیدیعای شاهی هەیە

موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا

(نالی، ١٣٧٨: ٩٩)



Kurdishbookhouse.com

لەم دێڕەدا، لە سەرەتای باڵی یەکەمدا لە دەستەواژەی «زابیتەی تەبعم» وشـەی «زابیـتە» بە واتـای تەبیعەتـی بە زەوق و ڕێکوپێک لە لێکدانەوەکاندا هاتووە؛ دروست ئەوەیە ئەم دەستەواژەیە بکرێتە «زابیتی تەبع» بە واتای ئەفسـەری تەبع کە شوبهاندنێکی خەیاڵییە و هۆی بەهێزتـر بـوونی لایەنـی جوانیناسـی دێڕەکەشـە. «زابیـت» وشـەیەکی عەرەبییە و واتای: ئەفسەر، یان پۆلیس و ڕاوێژکاری هەیە و بەم واتایە زیاتر لەگەڵ وشەکان و واتای سەرەکی دێڕەکە هـاوڕێژەیی دەبێت تا «زابیتە» بە واتای تەبیعەتی بە زەوق و ڕێکوپێک.

خـاکی بـەری پێـت هـەم گـڵ و هـەم گـوڵ بـە **سوروشـکم**

وەقتـــی غـــەم و شـــادی ئـــەوە کردوومـــە بەســـەردا

(نالی، ١٣٧٨: ٧٦)

لەم دێـڕەدا وشـەی «سوروشـک» بە هەڵە جـێکەوتـووە و دروسـتەکەی ئەوەیە بکـرێتە «سریشـک» کە لە بنجـدا وشەیەکی پەهلەوییە و واتای فرمێسکی هەیە.

بـــەزاهیر گـــەر مەگەســـدارە، بـــە بـــاتین ســـەد چەمـــەنزارە

بە سووڕەت یەک بە یەک خـارە، بـە مـەعنا سـەد **گولوسـتانە**

(نالی، ١٣٧٨: ٥٠٠)

لەم دێـڕەدا، وشـەی «گولوسـتانە» هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و بەم شـێوەیە لەگەڵ سـەرەوای گشـتی شـیعرەکەش خوێندنەوەی نیـیە و دروسـتە ئەوەیە بکـرێتە «گولسـتانە» کە بەم شـێوەیە لەگەڵ سـەرەوای سـەرەکی شـیعرەکە زیـاتر گونجاوی دەبێت.

چ شـــەو، چ ڕۆژ؟ وەهـــا کـــورتی لـــەهو و لـــەعب و میـــزاح

کـــە هـــەردوو وەك **یـــەك چـــوون** بـــە نەغمـــەیی بـــەم و زیـــر

(نالی، ١٣٧٨: ٢١٥ )

لەم دێڕەدا، دەستەواژەی «یەک چوون» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و بەهۆی دەربڕینی شـوبهاندنێک کە پێکهـاتووە؛ دەبێت ئەو دەستەواژەیە «یەک ئەچوون» بێت و بەم شێوەیە کێشی شیعرەکەش دروست و ڕێک دەبێت.

ئەگـــەر خـــوێنم دەڕێـــژی تـــۆ، ئـــەوە تێـــغ و ئـــەمیش گـــەردن

ئەگـــەر **بنیـــادی** پـــەیمان، دەســـتی مـــن دامێنتـــە، بـــازآ!

(نالی، ١٣٧٨: ٩٢)

لەم دێڕەدا وشەی «بنیـاد» بە واتـای: بنـاغە و بـنەڕەت بە هەڵە نـووسراوە و گومـان لەوەدا نیـیە نـالی «بونیـاد» ی مەبەست بووە و دروستە هەر «بونیاد» یش بنووسرێت و بیژە بکرێت.



Kurdishbookhouse.com

گوڵشـــەن وەکـــوو بەزمێکـــە کـــە ئاحـــادی **هـــوزاری**
بـــۆ تـــاقەگوڵێکی گەیییـــە ڕوتبـــەیی میئـــات

(نالی، ١٣٧٨: ١٤٢ )

لەم دێڕەدا، وشەی «هوزار» بە هەڵە نووسراوە و مەبەست «هەزار» ـە کە وشەیەکی فارسییە و واتای بولبولی هەیە.

نـــەخلی ســـەمەر و مایـــە بـــۆ دەوڵـــەتی دنیـــا کـــچ
کـــوڕ زیبـــی **دەبوســـتانە**، کـــچ شـــەمعی **شەبوســـتانە**

(نالی، ١٣٧٨: ١٦٤)

لەم دێڕەدا، دوو وشەی «دەبوستانە و شەبوستانە» بە هەڵە نـووسراون و دروست ئەوەیە ئەم دوو وشـەیە بکـرێنە «دەبستان و شەبستان» کە هەر دوو وشەی فارسین و بە تەرتیب واتای «قوتابخانە و شوێنی حەسانەوە» یان هەیە.

هـــەم **گوڵبـــەنی** بێخـــاری، هـــەم مـــەزرەعی ئـــەزهاری
هـــەم مـــەخزەنی ئـــەسراری، ئیســـباتی مـــەزایا کـــچ

(نالی، ١٣٧٨: ١٦٦ )

لەم دێڕەدا، وشەی «گوڵبەن» بە هەڵە نووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە «گولبون» ـە کە لە فەرهەنگی فارسیدا واتای «پنجە گوڵ، یان داری گوڵی سووری» هەیە.

ئـــەی دڵ! خـــەراجی حاســـڵی زوڵماتـــی بـــەحر و بـــەڕ
میراتـــی ئیعتیبـــارە لـــە **فورزەنـــدی** فەیلـــەقووس

(نالی، ١٣٧٨: ٢٤٩ )

لەم دێڕەدا، وشەی «فورزەندی» بە هەڵە نووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە «فەرزەند».

گـــەر فـــەڕڕ و تـــاج و زینـــەت و شـــەوکەت وەفـــای دەبـــوو
بـــێ دەردیســـەر دەمانـــەوە بـــۆ تـــاوس و **خـــەرووس**

(نالی، ١٣٧٨: ٢٤٩ )

لەم دێڕەدا، وشەی «خەرووس» بە هەڵە نووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە «خورووس».

وەرە قوربـــان! بـــە جـــان هـــەر دوو بـــرا بـــین
کـــە تـــۆ بـــێ مـــادەر و مـــن بـــێ **پـــودەر** مـــام

(نالی، ١٣٧٨: ٢٧٤ )

لەم دێڕەدا، وشەی «پودەر» بە هەڵە نووسراوە و دەبێ بەپێی بێژەی دروستی بکرێتە «پدەر».



Kurdishbookhouse.com

کــە دیــتم **شــەکڵی** ســەد ڕەنگی،گــوتم: بابــایی عــەییارە
کــە بیســتم لــەفزی بێدەنگــی، گــوتم: شــەپیووری شــاپوورە

(نالی، ١٣٧٨: ٤١٩)

لەم دێڕەدا، وشەی«شەکڵی»بە هەڵە نووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە «شکڵی» .

لاڵــە کــە مەجمەرێکــە بــە بــا خــۆش و گــەش دەبــێ
نــاوی کــە پــڕ خــەڵوزە بــە **شــەبنم** گەشــایەوە

(نالی، ١٣٧٨: ٥٥٤)

لەم دێڕەدا، وشەی «شەبنم» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دروست ئەوەیە ئەم وشەیە بکرێتە «شەبنەم».

بــڕۆت تیغێکــە **وســمەی** ســەیقەل و مەســلوول و مووکــارە
کــە عیشــوەی جەوهــەرە، ڕەمــز و ئیشــارەی ئــاوی مەودایــە

(نالی، ١٣٧٨: ٥٦٢ )

لەم دێڕەدا، وشەی «وسمە» هەڵەیە و دروست ئەوەیە ئەم بکرێتە «وەسـمە». وەسـمە: گیایەکـە ویشـکی دەکـەن و دەیکوتن. لە کۆندا ژنان بۆ ڕەش کردنی سەر و پرچیان سوودیان لێ وەرگرتووە.

ئــــــەهلی تەعــــــدادی مەحاســــــین نووســــــیان
خــــاڵ یــــەك و زوڵفــــی دووان، هــــەر دوو ســــیان

(نالی، ١٣٧٨: ٣٣٣ )

لەم غەزەلەدا ئەگەر وشـەکانی سـەروا بخـوێنینەوە تێـدەگەین لە تەواو سـەرواکاندا یەک «ی» کەمتر نـووسراوە و دروست ئەوەیە ئەم «ی» دواییە لە تەواو سەرواکاندا بکرێتە دوو «ی» وەک: نووسییان، سییان.

فــــەرمووی بــــە **مــــژەی** مەســــتی، ئازانــــە و تەڕدەســــتی
ســــادەی لــــە دڵــــی سســــتی، تیــــرێ، بــــە تەمەننایــــە

(نالی، ١٣٧٨: ٥٦٦ )

لەم دێڕەدا، وشەی «مژەی» بە هەڵە نووسراوە و دروستەکەی ئەوەیە بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێتەوە: «موژەی».

مــن وەکــوو ڕەعــدم و تــۆ وەك گــوڵ و ســەبزەی **دیمــەنی**
مــــن دەگــــرییم و دەنــــاڵێنم و تــــۆ پێدەکــــەنی

(نالی، ١٣٧٨: ٦٧٥ )

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا وشەی «دیمەنی» بە هەڵە نـووسراوە و دروسـتەکەی ئەوەیە بکـرێتە «دەمەن» کە لەگەڵ وشەکانی گوڵ و سەبزە ڕازەی چاولەیەک دەخولقێنن و لایەنی جوانیناسی دێڕەکە بەهێزتر دەکەن.



Kurdishbookhouse.com

«نـــــالی»! زوبانەکـــــەی تــــەڕ و پــــــاراوی **سەوســــــەنت**

حـــــەیرانی چـــاوی نێرگســــــە، وەك لاڵـــــە، نـــادوێ

(نالی، ۱۳۷۸: ۷۰۶ )

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشەی «سەوسەنت» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دروستەکەی «سووسەنت»ـە. ئەم جۆرە هەڵانەی دیوانی نالی بەگشتی بۆ هەڵە بێژەکردنی وشەکان دەگەڕێتەوە.

لە زۆربەی دیوانی شاعیراندا بەهۆی ئەوەی لە کۆندا شێوازی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و دیوانی شاعیران بەم شێوازەی ئێستا نەبووە؛ ئاساییە شیعری شاعیرێک لە دیوانی شاعیرێکی تردا تۆمار کرابێت. لە ئەدەبی فارسیش ئەو بابەتە ڕووی داوە. لە ئەدەبی کوردیشدا ئاساییە شیعری شاعیرێک بە نێوی شاعرێکی تر جێکەوتبێت و لە ناو دیوانەکەی بە هەڵە تۆمار کرابێت. لێرەدا ئەرکی ساغکەرەویە بە وردبینی و بەپێی زانستی شێوازناسی شیعری شاعیران لەو جۆرە هەڵانە بپارێزێت. دیوانی نالی لەم جۆرە هەڵەیەش بێبەش نەبووە؛ بۆیە دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بەشی فارسی شیعرەکانی نالی دەرکەوت دوو چوارینەی فارسی بە هەڵە لە دیوانی نالیدا تۆمار کراوە کە هۆنراوەی نالی نین و بە توێژینەوەیەکی کورت ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت. چوارینەکان بریتین لە:

یــــك نــــیمرخـــــت: **(أَلَســـــتُ مــــنکم بِبَعیـــــد)**

وان نــــــیم دیگـــــــر: **(اِنَّ عَـــــــذابي لَشَـــــدید)**

بـــــر گـــــردِ رخـــــت نوشـــــته: **(یُحیـــــي وَ یُمیـــــت)**

**(مَـــن مـــاتَ مِـــنَ العِشـــقِ، فَقَـــد مـــاتَ شَـــهید)**

ئەو چوارینەیە شاعیرەکەی (ابوسعید ابوالخیره) و تا ئێستا بە هەڵە بە شیعری نالی ناسراوە.

**آن زلـــــف مشـــــکبار بـــــدان روی چـــــون نگـــــار**

**گـــر کـــوته اســـت، کـــوتهی از وی عجـــب مـــدار**

**شـــــب در بهــــار میــــل کنــــد ســــوی کـــــوتهی**

**آن زلـــف چـــون شـــب آمـــد و آن روی چـــون بهـــار**

ئەو چوارینەیەش شیعری (امیر معزی) یە و بە هەڵە لە بەشی فارسی دیوانی نالیدا تۆمار کراوە و تا هەنووکە بە چوارینەیەکی نالی ناسراوە.



Kurdishbookhouse.com

**٧- ئەنجام**

- لەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین، بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران ساغکەرەوە، هەڵەگری زانستی دەق نییە؛ واتە ئەگەر لە نوسخەیەکی دەستنووسدا هەڵە هەبێت؛ هەرچەند ئەو هەڵانە لە لایەن خودی نووسەریشەوە بێت؛ ساغکەرەوە ئیزنی گۆڕانکاری نییە و ناتوانێت دەست تێوەردان لە دەقدا بکات و خۆی لەگەڵ نووسەری سەرەکی بە هاوبەش بزانێت و بەشێک لە بێژە و دەستەواژەکانی دەقی سەرەکی بگۆڕێت. زانستی ساغکردنەوە، جیاواز لە شەرح و لێکدانەوەیە و لە ساغکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک دروست نییە.

- گرنگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لەسەرتر بوونی دروستی وشە، یان دەستەواژەیەک بەسەر وشە، یان دەستەواژەیەکی تر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، پێوەری ڕەوانبێژییە. ساغکردنەوەی بەشێک لە شیعری شاعیرانی کلاسیک بەپێی ئەو پێوەر، شێوازێکی زانستی و پەسەند کراوە.

- بوونی هەڵەی ڕێنووسی ئەو وشە فارسییانەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بەتایبەت شاعیرانی قوتابخانەی بابان بۆ چەند هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە؛ یەکەم بەهۆی درەنگ سەرهەڵدان ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا لە سەرەتادا دیوانی شاعیرانی کلاسیک هەر بە شێوەی دەستنووس بڵاو بوونەتەوە و بەشێک لەو هەڵانە بۆ بنووسی ئەو دیوانانە دەگەڕێتەوە. دووهەم: شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە بێژەکردنی ئەو وشە فارسییانەدا تووشی هەڵە بوون و هەر ئەو هەڵە بێژەکردنە، هۆی هەڵەی ڕێنووسی ئەو وشانە لە شیعرەکاندا بووە کە لە زۆر دێڕدا لێکدانەوەی ناتەواویشی لێ‌کەوتۆتەوە.

- نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: د، ذ ، ک،گ، و... هتد.

- هاوشێوەیی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازییان تەنیا لە نوختە دایە وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ،ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا.

- هەڵەی ڕێنووسی نێوی کەسایەتییەکان، زاراوەکانی پسپۆڕی، نێوەکانی گیا و گوڵ و گیانلەبەران و هتد.

- خراپ خوێندنەوە وەک دیارترین خەساری ساغکردنەوە.

- پاک بوونەوەی وشە و پیتەکان لە نوسخەکاندا.

- نوسخە کۆنەکان، بە ڕێنووسی کۆن و بە خەتتی نەستەعلیق نووسراون و ڕەنگە هەڵە خوێندنەوە، بەتایبەت لەبەشی لێکدراوەکانی خەتتی نەستەعلیق، هۆی هەڵەی ڕێنووسی و تومار کردن بێت.



Kurdishbookhouse.com

**سەرچاوەکان**

ئەحمەدی شاوەیسی میکایلی، مەلاخدر(نالی)(١٣٧٨). ***دیوانی نالی***، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی پێنجەم. سنە:کوردستان.

بێلوو، مەلا کاکەحمە (ناری)(١٣٨٣). ***دیوانی ناری، کۆکردنەوە و ڕاست کردنەوە:*** کاکەی فەلاح.چاپی یەکەم، سنە: کوردستان.

قارەمانی، جەعفەر (١٣٩٨). ***لێکدانەوەی ئاستی زمانی شیعری وەفایی***، پژوهشنامه ادبیات کردی،س ٥، ژ ٨، لل ٢٣٣، ٢٥٩.

مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتح عەبدولکەریم (١٣٦٤). ***دیوانی نالی***. چاپی دووهەم، ورمێ: سەلاحەددین ئەییوبی.

مەسعوود محەممەد (١٩٧٧). ***دەستەو دامانی نالی***. چاپی ستۆکهۆڵم.

**منابع فارسی**

جهان بخش، جویا (١٣٧٨). ***راهنمای تصحیح متون***. چاپ اول ، تهران: میراث مکتوب.

سمیعی گیلانی، احمد (١٣٧٣). ***«نکته‌هایی در باب تصحیح متون»***. ***درباره ویرایش***. چاپ دوم، تهران: نشر دانشگاهی.

عمادی حائری، محمد (١٣٨٧). ***تصحیح متون با تاکید بر تصحیح متون فارسی***. مجله گزارش میراث. دوره‌ی دوم، سال ٣، ش ٢٥، ٢٦، صص٤، ١٢.

محقق، مهدی (١٣٦٩). ***«روش تصحیح و نشر متون»***. مجموعه مقالات انجمن واره، بررسی مسائل ایران شناسی، به کوشش علی موسوی گرمارودی. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی وزارت خارجه.

منجد، صلاح الدین (١٣٧٨)، ***روش تصحیح نسخه‌های خطی***. ترجمه حسین خدیوجم. مجله آینه میراث،زمستان و بهار ، س ١، ش ٣ و ٤، صص١٠٣، ١١١.

هروی، نجیب مایل (١٣٨٠). ***تاریخ نسخه‌برداری و تصحیح انتقادی نسخه‌های خطی***. تهران: کتابخانه مجلس.



Kurdishbookhouse.com